## تێبینی گرنگ دەربارەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پاراستنی لاوەکی لەلایەن داواکارانی دۆخی پەنابەران.

1. لە ڕۆشنایی دادگای دادپەروەری یەکێتی ئەوروپا کە کارایە لە حاڵەتی
H. N. v. وەزیری داد، چاکسازی یەکسانی و یاسا، ئێرلەندا و داواکاری گشتی، ڕێنماییەکانی یەکێتی ئەوروپا
( پاراستنی لاوەکی) 2013 (S.I. ژمارە 426 لە 2013) هەموارکراوەتەوە.

2. ڕێنمایی یەکێتی ئەوروپا (پاراستنی لاوەکی) ( هەوارکردن) 2015 (S.I. ژمارە
137 لە 2015) کاریگەریی یاسایی بەم ئامادەکاریەی خوارەوە دەبەخشێت بۆ پابەند بوون بە یاسای دادگا:

-  هەر کەسێك کە داواکاریەکی نوێ پێشکەش دەکات بۆ دۆخی پەنابەری هەروەها دەکرێت داواکاریەکی بۆ پاراستنی لاوەکی پێشکەش بکات لە نووسینگەی کۆمسیاری داواکاری پەنابەران (ORAC).
-  هەر کەسێك کە داواکاریەکی نوێ پێشکەش دەکات بۆ دۆخی پەنابەری هەروەها دەکرێت داواکاریەکی بۆ پاراستنی لاوەکی پێشکەش بکات لە نووسینگەی کۆمسیۆنی داواکاری پەنابەران (ORAC).

3. ئەم جۆرە داواکاریانە بۆ پاراستنی لاوەکی لەلایەن ORAC دیاری دەکرێت بەگوێرەی یاساکانی ڕێنماییەکانی یەکێتی ئەوروپا ( پاراستنی لاوەکی)، 2013 (S.I. ژمارە 426 لە 2013) (وەك هەموارکراوەتەوە) و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و ئەگەر هاتوو داواکاری کەسەکە بۆ دۆخی پەنابەری لە لایەن وەزیری داد و یەکسانیەوە ڕەتکرایەوە.

4. **ڕێنماییەکانی 2015 ڕووماڵی چی دەکات؟**

**ئەگەر تۆ داواکارێکی نوێیت بۆ پاراستنی لاوەکی:**

ڕێنماییەکانی 2015 دابینی ئەوە دەکەن کەهەر کەسێك کە داواکاریەکی نوێ پێشکەش دەکات بۆ دۆخی پەنابەری هەروەها دەکرێت داواکاریەکی بۆ پاراستنی لاوەکی پێشکەش بکات ئەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و دیاری دەکرێت لەلایەن کۆمسیارەوە ئەگەر داواکاری کەسەکە بۆ دۆخی پەنابەری ڕەت بکرێتەوە لەلایەن وەزیری داد و یەکسانی. لەو بارەوە، کۆمسیار ئەوکات، بەگوێرەی ڕێنماییەکانی 2013 (وەك هەموارکراوەتەوە) و دوای چاوپێکەوتنی داواکاری پاراستنی لاوەکی، ڕاپۆرتێکی نووسراو ئامادە دەکات کە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەی داواکاریەکە. کۆمسیار ڕاسپاردەیەك پێشکەشی وەزیری داد و یەکسانی دەکات دەربارەی ئەوەی ئایا کەسی داواکار کەسێکی شایستەی پاراستنی لاوەکیە یان نا.

**ئەگەر تۆ داواکاریکی پێشووتری بۆ پاراستنی لاوەکی:**

ڕێنماییەکانی 2015 دابینی ئەوە دەکەن کەهەر کەسێك کە داواکاریەکی هەیە بۆ دۆخی هەڵپەسێردراوی پەنابەری هەروەها دەکرێت داواکاریەکی بۆ پاراستنی لاوەکی پێشکەش بکات ئەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و دیاری دەکرێت لەلایەن کۆمسیارەوە ئەگەر داواکاری کەسەکە بۆ دۆخی پەنابەری ڕەت بکرێتەوە لەلایەن وەزیری داد و یەکسانی. لەو بارەوە، کۆمسیار ئەوکات، بەگوێرەی ڕێنماییەکانی 2013 (وەك هەموارکراوەتەوە) و دوای چاوپێکەوتنی داواکاری پاراستنی لاوەکی، ڕاپۆرتێکی نووسراو ئامادە دەکات کە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەی داواکاریەکە. کۆمسیار ڕاسپاردەیەك پێشکەشی وەزیری داد و یەکسانی دەکات دەربارەی ئەوەی ئایا کەسی داواکار کەسێکی شایستەی پاراستنی لاوەکیە یان نا.

5. لە ئەگەری پۆلینی کەسەکان بەو شێوەیەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، داواکاریەك بۆ پاراستنی لاوەکی دەکرێت پێشکەش بکرێت بە پێشکەشکردنی فۆرمێکی تەواوکراوی SP/04ORACی [پێشکەشکردنی داواکاری لە ژێر ڕێنمایی 1)3A)ی ڕێنماییەکانی یەکێتی ئەورووپا (پاراستنی لاوەکی)2013 (وەك هەموارکراوەتەوە) بۆ دیاریکردنێکی پاراستنی لاوەکی ]، یان

-  خودی کەسەکە لە نووسینگەی کۆمیسیاری داواکاریی پەنابەری، House, 79-83 Lower Mount Street, Dublin 2،

   یان

-  بە پۆستە بۆ ORAC Customer Service Centre, Timberlay House, 79-83 Lower Mount Street, Dublin 2.

6. کاتێك داواکاریت پێشکەشکرد بۆ پاراستنی لاوەکی دەتوانیت زانیاری زیاتر پێشکەش بکەیت لەڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمی ORACی SP/05 ( زانیاری زیاتری پەیوەست بە داواکاریەك لە ژێر ڕێنمایی 1)3A)ی ڕێنماییەکانی یەکێتی ئەورووپا (پاراستنی لاوەکی)2013 (وەك هەموارکراوەتەوە) بۆ دیاریکردنێکی پاراستنی لاوەکی) و پێشکەشکردنی بەو ناونیشانەی سەرەوە. زانیاری زیاتر هەر کاتێك بێت دەکرێت لە لایەن کۆمیسیارەوە دابین بکرێت لە بەرواری داواکاریەکە تا ماوەی بەسەرچوونی 15 ڕۆژی کارکردن دوای بەرواری ناردنی لە لایەن وەزیرەوە بۆ ئاگاداریەك لە ڕەتکردنەوەی دیاریکردنی دۆخی پەنابەری.

7. ڕێنماییەکانی 2013 و 2015 دەکرێت بە تەواوەتی سەیر بکرێت لە وێبسایتی کۆمیسیاری داواکاریەکانی پەنابەری لە http://www.ORAC.ie.

نووسینگەی کۆمیسیاری داواکاریەکانی پەنابەری، 20ی نیسانی

2015.